# پرسی دامەزراندنی خەڵک لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا

دامەزراندنی خەڵک لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هەم بۆشایی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن پڕ دەکاتەوە، هەمیش دەرگە بەرووی بژێوی نەوەی نوێدا دەکاتەوە، بەڵام پرسی دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ، پەیمانگەو ئامادەییەکانی باشووری کوردستان بۆتە کێشەیەکی هەنووکەیی و بەردەوام باسی لێوەدەکرێ. لەلایەکەوە نادادی ئاشکرا دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە دیاردەی بێکاری زیاتر زەقتر دەکاتەوە.

بۆ تیشک خستنە سەر ئەو کێشەیە بە پێویستمان زانی دەرگە بەرووی ئەو کێشەیەدا بکەینەوەو بە دواداچوونی بۆ بکەین.

توێژینەوەیە ئەکادیمی و زانستیەکان ئاشکرایان کردوە کە بێکاری و گەڕان بەدوای کاردا هەر بەتەنیا کەس و خێزانەکان ماندوو نکات، بەڵکو ئاستی بژێویان دادەبەزێنێ و ژیانیان ناخۆش دەکات، هەروەها کاتێک باری ئابوری و دارایی خێزانەکان لاواز دەبێ، مرۆڤەکان بیر لە دەیان ڕێگەچارەی جۆراوجۆر دەکەنەوە، زۆربەیان دووچاری نەخۆشی دەبن، یان ڕێی تاوان و کاری ناڕەوا هەڵدەبژێرن.

لە دوایین لێکۆڵینەوەی زانستیدا کە ساڵی 2010 ئەنجام دراوە، پسپۆران گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە بێکاری کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی هەیە، هۆکارێکی سەرەکی لاوازکردنی بیری مرۆڤەکانە، چونکە مرۆڤی بێکار و بێپارەو داهات، بەردەوام بیر لە پەیداکردنی کارو چۆنیەتی وەدەستهێنانی بژێوی ڕۆژانەی دەکاتەوە، بەوهۆیەشەوە گیرۆدەی نەخۆشی جۆراوجۆردەبێت.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ( 15 و 24 ) دایە، ئەگەر بێپارەبوون و سەرچاوەی داهاتیان نەبوو بەڕێژەی 3% زیاتر لە کەسانی دیکە دووچاری نە خۆشی جۆراوجۆر دەبن، هەروەها ئەوانەی کە تەمەنیان لەنێوان 55 تا 59 ساڵی دایە،بە ڕێژەی 15% زیاتر لە دیتران دووچاری نەخۆشی دەبن. هەڵبەت زۆربەی نەخۆشیەکانیش دەروونین، یان خەمۆکی و بێهیوابوونە لە ژیان. زانایانی کۆمەڵناسی جەختیان کردۆتەوە کە مرۆڤی بێکارو بێ داهات دووچاری گرێی دەروونی دەبێتەوە، هەست بە جیاوازی دەکات و بیر لە تۆڵە وەرگرتن دەکاتەوە.

بێکاری نەک هەر کۆمەڵ دووچاری هەژاری دەکات، بەڵکو پسپۆڕانی ئاسایش و زانایانی کۆمەڵناسی سەرراستیان کردۆتەوە کە بێکاری ڕۆڵی سەرەکی لە پەرەسەندنی بیرۆکە و ئەنجامدانی تاوان دا هەیە. بەوهۆیەوە ئەرکی حکومەتە کەدیاردەی بێکاری بنبڕ بکات و دەرفەتی کار بێ بێکاران فەراهەم بکات.

وێڕای ئەوەی کە چەند ساڵێکە ژمارەیەکی زۆر لە دەرچوانی زانکۆوو پەیمانگەکان جێیان بۆ نەکراوەتەوەو دانەمەخرێندراون، کەچی ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر لە دەرچوانی ئامادەییەکان لە زانکۆو پەیمانگەکاندا وەرناگیرێن، ئیدی ڕێژەی بێکاری بەرزتر دەبێتەوە.

ئەمساڵ بینیمان کە ناڕەزایەتی و جموجوڵێکی بەرچاو لە لایەن دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان هەبوو، خۆپیشاندان و ڕێپێوانی لێکەوتەوە، کەچی حکومەتی هەرێم و بەرپرسان خۆیان بە لایەنێکی کێشەکە نازانن ولە دابین کردنی کار و دامەزراندنی ئەو دەرچوانە خۆیان بە بەرپرسیار دانانێن.

لەلایەکەوە حکومەتی هەرێم یاسای وەبەرهێنانی بۆ سەرمایە و سەرمایەداران لە کەرتی وەبەرهێنان دارشتوە و لەم مەیدانەدا بەرپرسیاریێتی گرتۆتە سەرشانی خۆی، کەچی لە بەرانبەر کرێکاران، گەنجان و لاوان کە خوێندنیان تەواوکردوە و خوازیاری دامەزراندن، هیچ جۆرە بەرپرسیاریەتێکی نەخستۆتە سەرشانی خۆی. ئەمساڵ بانگەشەی ئەوەکرا کە دەرچوانی زانکۆو پەیمانگەکان دادەمەزرێندرێن، کەچی ئەوەی تەزکیەی حزبی نەبێ لەهیچ فەرمانگەو دامەزراوەیێک جێی نابێتەوە.

لەو بارەیەوە کاک شێرزاد ڕەحمان گەنجێکی دەرچووی زانکۆ دەڵێ: (بۆ هەر شوێنی دەچم دەرگەم لە ڕوو دادەخەن و دەڵێن دامەزراندن نەماوە، کەچی ناسیاوێکم لە دوو شوێن ناوی هاتۆتەوە، کە لێمپرسی ئەوە چۆن دامەزراویت، پێیگوتم؛ خزمێکم ئاشنایەتی لەگەڵ بەرپرساندا هەیە، بە دوو بەرپرسی گوتبوو، هەردووکیان واستەیان بۆم کرد بۆیە لە دوو شوێن فەرمانی دامەزراندنم هاتەوە، بەڵام من وەزارەتی پەروەردە هەڵدەبژێرم چونکە کارەکەی ئاسانترە).

ئەو گەنجە زۆر نیگەران و بێزار دەهاتە بەرچاوان، دەیگوت: ( دەی باشە ئێوە پێمبڵێن من چی بکەم؟! تاوانم چیە کە بەرپرسێکی باڵا ناناسم، یان خزمێکم نیە ئەوانە بناسێت؟!).

زۆر جاران بەرپرسانی هەرێم لەبەردەم میدیاکاندا ڕایدەگەیەنن کە ئیتر دامەزراندن پێویست بە تەزکیەی حزبی ناکات، بەڵام واقیع شتێکی دیکەیە، ئەندامانی ئاسایی حزبە دەستەڵاتدارەکانیش دانامەزرێندرێن، تەنیا دەبێ شوێنێکی باڵا تەزکیەی بکات، یان بەرپرسێکی دەستڕۆیشتوو تەلەفۆن بۆ شوێنی مەبەست بکات و دایبمەزرێنێ. لەو بارەیەوە دەیان نمونەی بەردەست هەن، ئەگەر پێویست بکات دەیانخەینە ڕوو.

خاتوو چیمەن ڕەسوڵ دەرچووی پەیمانگە بە ڕۆژی گەلی وت:( من و برادەرێک پێکەوە چوین بۆ دامەزراندن، پێیانگوتین ڕاستیەکەی پێویستمان بە فەرمانبەر هەیە، بەڵام ئێمە دەستەڵاتی دامەزراندنمان نیە، بۆیە ئەگەر کەسێک لە فڵانە شوێن دەناسن، کارەکەتان مسۆگەر دەبێ).

خاتوو چیمەن دەڵێ: (بەڕێوەبەری ئەو شوێنە ناوی کەسێکی پێداین لە شوێنێک و گوتی ئەوە بە یەک تەلەفۆن دەتوانێ داتانبمەزرێنێ، بەڵام ئێمە ئەو کەسەمان نەدەناسی و نەدەگەیشتینە لای بۆیە هەناسە سار هاتینەوە).

چیرۆکی ئەوانەی دانامەزرێندرێن و ئەوانەی بە نوکە تەلەفۆنێک لە شوێنێکی باش دەسەپێندرێن، زۆرن، بەڵام کورد گوتەنی مشتێک نموونەی خەروارێکە.

لێرەدا دەپرسین: ئایا ئەو هەموو هێزەی کار، هێزی دەرچوانی زانکۆو پەیمانگەکان چیان بەسەر دێ؟ بۆچی و تاکەی حکومەت پێوەرێک بۆ دامەزراندن لە فەرمانگەکانی دەوڵەت دانانێنێ؟ ئایا تاکەی تەزکیەی حزب مەرجی دامەزراندن و کارپێدان دەبێ؟!

ئێمە هیواخوازین کە بەرپرسانی حکومەت ئاوڕێک لە بێکاران و خێزانیەکانیان بدەنەوە، چونکە ئەوانیش هاونیشتمانی کوردستانن، هەتا بژێو و بڕیاریان بەرەو ئاقارێکی دیکە نەڕۆیشتووە بیر لە دامەزراندنیان بکرێتەوە، بەسە با حزبی بوون و خزمانێ کۆتا بکرێ و نەبێ بە پێوەری دامەزراندن و نانپێداندا.

**ئامادەکردنی شازین**



ديمەنێك لە
نارەزایی دەرچووانی پەیمانگا بەمەبەستی دامەزراندنیان

# لەخۆپیشاندانەکاندا سوکایەتی بە پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان دەکرێ




لەدرێژی خەبات و ناڕەزایەتیەکانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی بۆ بەدیهێنانی داخوازیە ڕەواکانی پەنابەران و جێگیرکردنی مافە ئینسانیەکانیان، ڕۆژی 6-10-2010 هاوکات لە لەندەن ودبلن(ئیرلەندا) و سلێمانی هەڵسوراوانی فیدراسیۆن، بە بەشداری نۆینەران و هەڵسوراوانی مەیدانی پەنابەری و چەند یەکێتی کریکاری ولایەنی سیاسی وڕێکخراوەکانی دژ بە ڕاسیزم و نەژاد پەرستی، پەیامی ناڕەزایەتیی خۆیان دژ بە لێدان و سوکایەتیکردن بەپەنابەرە دیپۆرتکراوەکان و دژ بەرێکەوتننامەی نێوان حکومەتی عێراقی و وڵاتانی ئەوروپی، ئاراستەی سەرۆک کۆماری عێراق وحکومەتەکانی ئەوروپا کرد.

**شاری دبلن (ئیرلەندا)**

لەسەر پێشنیاری نۆینەری فیدراسیۆن لە ئیرلەندا ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٦ کاتژمێر 12.30 لەبەردەم پەرلەمانی ئیرلەندا لە شاری دبلن، پایتەختی ئەو وڵاتە، ژمارەیەکی بەرچاو لە پەنابەران ونوێنەرانی ڕێکخراوەکانی پەنابەری و ئینسانی و هەڵسوراوانی سیاسی لە پێناو چەسپاندنی یاسایەکی ئینسانی وراوەستانەوە دژ بە سیاسەتی بەزۆرناردنەوەی پەنابەران بۆ ناوچە جەنگیەکان هەروەها دژی زیندانیکردن و سیاسەتی کەمپسازی و جیاکاری دژبە پەنابەران، هاتنەدەنگ و پەیامی هاوپشتی خۆیان بۆ داواکاریەکانی فیدراسۆنی پەنابەرانی عێراقی ڕاگەیاند. سەعدی ڕەسول بە نۆینەرایەتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لە ئیرلەندا کە یەکێک بوو لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، وتاری فیدراسیۆنی پێشکەشکرد و داواکاریەکانی خۆپیشاندەرانی گرێدایەوە بە داواکاری و خواستەکانی فیدراسیۆن هەولەکانی لەسەراسەری ئەوروپا لە پێناو گۆڕینی یاساکانی پەنابەری و ڕیزگرتن لە ئازادی مافی نیشتەجێبوون ومافی هاولاتی یەکسان و ڕاوەستانەوە دژ بە سیاسەتی جیاکاری ونەژاد پەرستی. لەبەشێکی تری وتەکەیدا ئاماژەی دا بە هەوڵەکانی فیدراسیۆن لە ماوەی ڕابردوودا بۆ ڕاوەستانەوە دژ بە دیپۆرتی پەنابەران،هەروەها داوایکرد تۆرو پەیوەندیەکان لەگەل ڕێکخراو و هەڵسورانی مەیدانی پەنابەری و لایەنە سیاسیەکان لە ئاستی ولاتانی ئەوروپا دا توندو تۆڵبکرێتەوە. هاوکات داوای لە خۆپیشاندەران و لایەنەکانی بەشدار لە ئاکسیۆنەکەدا کرد کە پشتیوانی لە کەمپینی فیدراسۆن بکەن دژ بە ڕێکەوتننامەکانی نێوان حکومەتی عێراقی و ولاتانی ئەوروپا بۆ ناردنەوەی پەنابەران. جێی ئاماژەیە کەژمارەیەک لە پەرلەمانتارەکانی ئیرلەندا هاتنە نیو خۆپیشاندەران و گوێیان لەداواکاریەکان دەگرت و بەڵێنی ئەوەیاندا کە پەیامی خۆپیشاندەران بە دەزگا بەرپرسەکان دەگەیەنن. سەعدی ڕەسول نوێنەری فیدراسیۆن لە ئیرلەندا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندو ڕۆژنامەنوسان چاوپێکەوتنی ئەنجامدا، هەروەها لەرێگەی تەلەفونەوە لەگەڵ ڕادیۆی نەوا گفتوگۆی ئەنجامدا.

**لەندەن**

هەر هەمان ڕۆژ، لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراقی لەلەندەن، کاتژمێر12.30 خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی بەرپاکرا خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی چەندین پلاکارد و بە ووتنەوەی دروشمی ( لێدان و زیندانی و سوکایەتی بە پەنابەران مەحکومە! ڕێکەوتننامە بەژیان و چارەنووسی پەنابەران هەڵبوەشێنەوە و دیپۆرتی پەنابەران بۆ بەغدا ڕاگرن! مافی پەنابەری مافی ئینسانە) بە زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە سیاسەتی دەولەتی عێراق و حکومەتی بەریتانیا دەربڕی. پاشان دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن ناوەرۆکی داواکاریەکانی خۆپیشاندەرانی وکەمپینی سەراسەری فیدراسیۆن دژ بە هەنگاوەکانی چەند هەفتەی ڕابردووی ژمارەیەک لە ولاتانی ئەورووپاو حکومەتەکەی مالیکی لەگرتن و ڕاونان ودیپۆرتی پەنابەران،هەروەها لێدان زیندانیکردنی پەنابەران لەفرۆکە خانەی بەغدا و داواکاریەکانی خستە ڕوو . پاشان (ئاسۆ گۆران ) نامەیەکی ناڕەزایەتی دایە باڵیۆزخانەی عێراق کە ئاراستەی سەرۆک کۆماری عێراق کرابوو، وە هاوپیچ لەگەڵ نامەکەدا نامەو پەیامی پشتیوانی چەندین ڕێکخراوی پەنابەری و ئینسانی و حزب و لایەنە سیاسیەکان و ئیمزای دەیان نوسەرو ڕۆژنامەنووس و پەنابەرانی لە گرتووخانە دەستبەسەرەکان لەخۆگرتبوو کە ڕووبە سەرۆک کۆماری عێراق وسەرۆک وەزیران و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرابوو. شایەنی باسە ژمارەیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاند لە وانە ڕادیۆی نەوا ورۆژنامەنووسی بەریتانی و ئەڵمانی لەگەل سکرتێری فیدراسیۆن گفتوگۆیان سازدا. هەمان ڕۆژ 36 کوردی عێراقی لە گرتووخانەکانی (بروک هاوس، دۆڤەر،کۆلن بروک، دۆنکاسەر، کامبریج، کامسفیلد هاوس)پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپینی فیدراسیۆن ڕاگەیاند دژ بە دیپۆرتی پەنابەران و داوایانکرد ڕێکەوتننامەی نێوان حکومەتی عێراقی و ولاتانی ئەوروپا هەڵبوەشێتەوە.

**کوردستان**

لەراستای پشتگیری لەداواکاریەکانی خۆپیشاندەرانی لەندەن و دبلن. وەفدێکی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لقی کوردستان بە سەرپەرشتی ئامانج عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی کوردستانی فیدراسیۆن لەگەڵ ژمارەیەک لە پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بۆ گەیاندنی پەیامی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە حکومەتی عیراقی ڕوویانکردە نوسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی و نامەی ناڕەزایەتی سکرتێری فیدراسیۆن بۆ سەرۆک کۆماری عێراق لەگەڵ ژمارەیەک لە پەیام و نامەی پشتیوانی ڕێکخراوە پەنابەری و ئینسانی و لایەنەکان هەروەها وێنەی ئەو پەنابەرانەی لە کاتی دیپۆرتکردنەوەیان لە بەغدا لێدراون کە ئاراستەکرا بوو بۆسەرۆک کۆماری عێراق تەسلیم بە نوسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کر، بەمەبەستی گەیاندنی بۆ سەرۆک کۆمار. هەمان ڕۆژ ئامانج عەبدوڵڵا لەگەڵ ژمارەیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن چاو پێکەوتنی ئەنجامدا. ناوەرۆکی داواکاریەکانی ئەو نامە ناڕەزایەتییەی کە ئاراستەی سەرۆک کۆماری عێراق کرابوو لەم چەند خاڵەدا گەلاڵەکراوە:

1- ئەو پۆلیسانەی فرۆکەخانەی بەغدا هەستاون بە لێدان و توندو تیژی وتەشهیرو سوکایەتی بەرامبەر بە پەنابەرانی دیپۆرتکراوە بدرێنە دادگاو سزا بدرێن.

2- سەرجەم ڕێکەوتننامە نهێنی و ئاشکراکانی نێوان حکومەتی عێراقی و حکومەتەکانی وولاتانی ئەوروپا بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران هەڵبوەشێتەوە.

3- فرۆکەخانەکان لەعێراقدا ، بەرووی ئەو فرۆکانەی پەنابەری بەزۆر نێراوەیان پێیە دابخرێت.

4- هیچ جۆر هاوکاریەک نەخرێتە ئیختیاری حکومەتەکانی ئەوروپا بۆ ناردنەوەی پەنابەران. وەفدی حکومەتی عێراقی کە بەمەبەستی هاوکاریکردنی سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران هاتووتە بەریتانیا بە فەوری بگەرێتەوە.

5- داوابکرێت لە حکومەتەکانی ئەوروپا تەواوی ئەو پەنابەرانەی لە گرتووخانە دەستبەسەرەکاندا ڕاگیرون ئازاد بکرێن.

6- داوا بکرێت لە حکومەتەکانی ئەوروپا بە پێدانی مافی پەنابەری و مانەوە بە پەنابەران.

**فیدراسیۆنی سەراسەری**

**پەنابەرانی عێراقی**

2010-10-7